سەرۆک وەزیران لەڕێگای پەیوەندی تەلەفونیەوە لە تەندروستی ئەمیری کوەیت دەپرسێت

ئەمڕۆ شەممە"محەممەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران،پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ شازادەی جێنشینی کوەیت، شێخ "مشعەل ئەحمەد جابر سەباح " ئەنجامدا بە دەنیابوون لە تەندروستی ئەمیری دەوڵەت لە کوەیت شێخ "نەواف ئەحمەد جابر سەباح" نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:- سەرۆک وەزیران لە میانی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا،هیوای تەندروستی باش و زوو چاکبوونەوەی بە ئەمیر و گەلی کوەیتی برا خواست ،هەروەک هیوای بەردەوامی سەقامگیری و بەرەو پێش چوونی بە کوەیت کرد . لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتە روو :- کە هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا گفتوگۆ کراوە لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات، و ڕەگاکانی پەرەپێدان و پتەوکردنی هاوبەشی و هاوکاری لە بوارە جیاجیاکاندا، بە شێوەیەک کە سوودی بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی برا هەبێت. هەروەک جەختکرایەوە لەسەر بەردەوامی و پەیوەندی هاوبەش بە وەستاندنی دەستدرێژییەکان لە دژی گەلی فەلەستین، و خەراکردن لە پشکشکردنی یارمەتییە مرۆییەکان بە کەرتی غەززە.